11/10

# لەسلێمانی شانۆگەری (ئەمەیە باوکمان) نمایش دەکرێت



لەچوارچێوەی چالاکییەکانی دووەمین فێستیڤاڵی سلێمانی بۆ هونەری شانۆ، کە بەڕێوەبەرێتی هونەری شانۆ سازی دەکات.



بەڕێوبەرێتی هونەری شانۆ-سلێمانی بە هاوکاری کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانی کورد، رۆژی 11/10و کات 4ی پاشنیوەڕۆ لەسەر هۆڵی کۆمەڵەی هونەرەجوانەکان شانۆگەریی(ئەمەیە باوکمان) پێشکەش دەکات.

ئەم شانۆگەرییە لە دەقی(دەمبەست)ی نوسەری ئیسپانی(ئەلفۆنسۆ ساستری) وەرگیراوە و هونەرمەند( عەلی کەریم) وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و هونەرمەند و دەرهێنەر(شەفیق محەمەد) کاری دەرهێنانی دەکات.

شانۆگەرییەکەش لە نواندنی کۆمەڵێك هونەرمەندی شانۆکارە کە بریتین لە :" عوسمان مەعروف و نیشتیمان عەبدوڵڵا و بەڕێز مەجید و نەرمین کاوانی و رێباز محەمەد و سۆران ئەکرەم و دانەر ئەسلان).

جێی ئاماژە بۆکردنە ئەم شانۆگەرییە رۆژانی دواتریش و لەهەمان کات و شوێندا نمایشدەکرێتەوە.